# خوێندنەوەی ئێستا، نووسینەوەی مێژوو!
# نووسینە کوردییەکانی کەمال میراودەلی
# لە دەرەوەی وڵات

## (19) ئیمپریالیزم و مافی بڕیاردانی چارەنووس و کوردستان
پەیڤ، ژمارە 3 1986

### بەشی یەکەم: ئیمپریالیزم و کۆلونیالیزم

ئیمپریالیزم چییە؟! شێوەی مێژوویی درووست بوون و دەرکەوتنی چۆنە و چۆن کار دەکا؟! هەڵبەت، وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی و تیئۆریی ( نەزەری) قووڵ و فرە لایەن هەیە. گەرچی ئەم چەشنە لێکۆڵینەوەیە لە سنووری کات و مەودای ئەم سیمینارە دەچێتە دەر، ناشمەوێ بەوە وازبێنم چەند پێناسەیەکی کلێشەیی ئەکادیمی وشەی ئیمپریالیزم پێشکەش بکەم. یان ئیمپریالیزم، وەك دیاردەیەکی مێژوویی، تەنیا بە کات و دەمی دەرکەوتن و گەڵاڵە بوون و باوبوونی وشەی ئیمپریالیزمەوە ( وەك زاراوەیەکی فەلسەفی – سیاسی ) ببەستمەوە.

واتە جیاوازی هەیە لە نێوان بوونی ئیمپریالیزم وەك دیاردە و حاڵەتێکی مێژوویی و لە نێوان دەرکەوتنی بیری ئیمپریالیستی وەك فەلسەفە و زاراوەیەکی زانراو و دیاریکراو.

وشەی (ئیمپریالیزم) خۆی بەرهەمی سەدەی نۆزدەیە و لە دەوروبەری ساڵی 1830 دا هاتۆتە ئاراوە و بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ وەسف کردنی بەربەرەکانی و مل ملانێی هێزەکانی ئەوروپایی بە تایبەتی فەرەنسا و بەریتانیا بۆ بە دەست هێنانی پایە و دەسەڵات لە ئاستی جیهانیدا، بەکارهێنراوە... لە نێوان زۆر نووسراوی گرنگ دەربارەی پەرەسەندنی نیزامی ئیمپریالیستی بەریتانی وەك بزووتنەوەیەکی ئیمپریالیستی جیهانگیر، کتێبێکی ئەدمیرالی ئەمریکی ( ڤایەر ماهان) لە ساڵی 1890 دا بە ناوی ( کاری هێزی دەریایی لەسەر مێژوو 1660 – 1783 ) شوێنێکی تایبەتی هەیە... (1) لەو کتێبەدا ماهان دیاردەی سەرهەڵدانی ئیمپریالیزمی بەریتانی بۆ پەرەسەندنی دەسەڵاتی دەریایی ئینگلیز دەگێرێتەوە و بەهێزبونی ئەو دەسەڵاتەش بە ڕوودانی شۆڕشی پیشەسازی لە بەریتانیا دەبەستێتەوە... دوازدە ساڵ دوای ئەم کارە، گرنگترین لێکدانەوەیەکی فەلسەفی – ئابووری دیاردە و مانای ئیمپریالیزم لە لایەن ئابووریزانی ئینگلیزییەوە جۆن ئەی هۆبسن، پێشکەش کرا. لە کتێبەکەیدا ئیمپریالیزم: لێکۆڵینەوەیەك (2) لە 1902 دا چاپ کراوە، هۆبسن تاقیکردنەوەی ئیمپریالیزمی بەریتانی لە چین و بەتایبەتی لە خوارووی ئەفریقیادا شی دەکاتەوە و تەواوی لێکۆڵینەوەکەی لەسەر بناغەی شیکردنەوەی ئابووری بەریتانیا

دادەڕێژێ و پەیوەندی نێوان ئیمپریالیزمی عەسکەری و سیاسی و سەرمایەدارە زلەکان ئاشکرا دەکا و دەگاتە ئەم پێناسەکردنەی ئیمپریالیزم:
( ئیمپریالیزم هەوڵدانی ئەو کەسانەیە کە دەستیان بەسەر سنعەت و پیشەسازیدا گرتووە بۆ ئەوەی زیاتر سەرمایەکەیان بخەنە گەڕ... ئەمەش لە ڕێگای دۆزینەوەی بازاڕ و مەیدان و مەودای تری ( پارە - بەگەڕ – خستن ) لە دەرەوەدا – بۆ مژینی ئەو کەل و پەل و سەرمایەی لە توانادا نییە لە ناوخۆدا قازانجیان لێ بەدەست بخرێ) .
زۆر نووسەری دیکەش کەم یان زۆر ئەم بۆچوونەی ( هوبسن) – یان ڕەچاو کردووە، بەتایبەتی لە رووی گرنگی دان بە دەوری مێژوویی ( سەرمایەدارێتی) لە درووست کردن و بەهێزکردن و پتەوکردنی دیاردەی ئیمپریالیزمی جیهانیدا.. بۆ نموونە ( رۆزا لۆکسمبورگ) لە تەواوی کتێبەکەیدا خڕبوونەوەی سەرمایە (3) گرنگی بە روالّتی ئیمپریالیزم وەك هەوڵدانێك بۆ دۆزینەوەی بازاری دەرەوە و هەڵڕشتنی کەلوپەلی سنعەتی وڵاتەکانی سەرمایەداری – دەدا.
( هیلد فیلدینگ) ی نەمساویش لە لێکۆڵینەوەیەکدا بە ناوی ( سەرمایەداری دارایی) (4) دەوری بانگەکان و خڕبوونەوەی سەرمایە بەدەست چەند کارتێلێکی دارایی – یەوە لە رێرۆی درووستکردنی ئیمپریالیزمدا لێك دەداتەوە.
( لینین) یش باسەکەی خۆی ئیمپریالیزم: بەرزترین قۆناغی سەرمایەداری (5) کە لە ساڵی 1917 دا بڵاوکرایەوە، لەسەر بنچینەی بۆچوون و زانیارییەکانی هۆبسن و رۆزا لۆکسمبورگ و هێلد فیلیدینگ، دادەرێژێ و یەکێتی و روونیەکی تیئۆری و مێژوویی تازەیان پێ دەدا. ئەم کتێبەی ( لینین) سەرەتای زۆر تێگەیشتنی گرنگ دەربارەی دەرکەوتن و دەوری ئیمپریالیزم لە ئاستی جیهاندا دادەمەزرێنێ: بە تایبەتی لەلایەن دەرخستنی بەسترانی خەبات بۆ سۆشیالیزم لە هەر وڵاتێکدا بە خەبات دژی ئیمپریالیزم و سیاسەتی شەڕ خوازانەی دەوڵەتانی سەرمایەداری لە ئاستی جیهانیدا و لەمەشەوە گرنگی دان بە دەوری بزووتنەوەکانی رزگاریخوازی نەتەوەیی وەك بەشێکی جەوهەری زۆر گرنگی ئەو خەباتە نێونەتەوەیی – یە .
ئەم کورتە بەرچاوخستنەی سەرەوە رێمان پێدەدا بڵێین: تێگەیشتنی نوێی ئیمپریالیزم، بەتایبەتی تێگەیشتنە لینینیستەکان، ئیمپریالیزم و سەرمایەداری بە دوو رووی یەك پارە دادەنێن ( سەرمایەداری – قازانج – سەرمایەداری) . بەڵام ئەم لێکدانەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی و تایبەتی پێگەیشتن و کامڵ بوونی ئیمپریالیزمی ئەوروپایی لە سەدەی نۆزدەدا، بە تایبەتی لە نیوەی دووەمی ئەو سەدەیەدا، لێك دەداتەوە. واتە:
یەکەم/ دیاردەکە دوای تەواوبوونی لێك دەداتەوە و بە رەگوڕیشەی مێژوویی درووست بوونیدا ناچێتە خوار ئیمپریالیزم بە بەرهەمی سەرمایەداری دادەنێ لە کاتێکدا گرنگی پێویست بە دەوری ئیمپریالیزم خۆی لەسەر هەڵدان و پەرەسەندنی سەرمایەداریدا – نادات.

دووەم/ ئەم لێکدانەوەیە تەنیا پشت بە تاقیکردنەوەی مێژوویی ئەوروپای سنعەتیی دەبەستێ. واتە: یۆرۆ – ناوەندییە ( ناوەندی گرنگی پێدانەکەی و هەڵسەنگاندنەکەی ئەوروپایە). بۆیە گەرچی ئەم لێکدانەوەیە بۆ روونکردنەوەی تەبیعەتی سیاسەتی ئیمپریالیزم وەك دیاردەیەکی مێژوویی، تێکڕایی، خاوەن شێوە و دەرکەوتنی جۆراوجۆر لێك ناداتەوە.

گومانی نییە لێکدانەوەی مێژوویی جۆرە تایبەتێتییەك بە هەر بۆچوونێکی تیئۆری دەدا. واتە لە زانستێتی بۆچوونەکە کەم ناکاتەوە بەڵام سنوور و چوارچێوەیەکی دیاریکراوی بۆ دادەنێ... لێرەوە دەکرێ بڵێین: لێکدانەوەکەی ( لینین) دەربارەی دیاردەی ئیمپریالیزمی ئەوروپایی زانستییە تا ئەو ئاستەی تەبیعەتی ئیمپریالیزم وەك دیاردەیەکی ئەوروپیی، لە قۆناغێکی مێژوویی دیاریکراودا دەردەبڕێ کە ئەویش ماوەیەکی تایبەتی قۆناغی پەرەسەندنی سەرمایەدارێتییە.

مارکس خۆی تیئۆرێکی تایبەتی و دیاریکراوی دەربارەی ئیمپریالیزم نییە و وشەی ئیمپریالیزم وەك زاراوەیەکی سیاسی ئابووری تایبەتی بەکارناهێنێ. بەڵام مانا و مەبەست و هەوێتی ئیمپریالیزم لای مارکس لە مانا و مەبەست و هەوێتی سەرمایەدارێتی جیا نین. هەردووکیان یەك رێڕۆن... بۆیە دەتوانین بڵێین کاتی مارکس باسی سەرمایەداریی دەکا ( بە تایبەتی لە کتێبی سەرمایەدا) ئەوا، هەر لەو کاتدا، باسی ئیمپریالیزم دەکا و زۆر سەرەتاگە و روانگەی تیئۆری گرنگمان لەم رووەوە پێشکەش دەکا...

لە لایەکی دیکەشەوە، بەتەواوکردن و داڕشتنی روانگەی ماددی مێژوویی، مارکس رێبازی زانستانەی لێکۆڵینەوەی هەر دیاردەیەکی مێژوویی و هەر جۆرە گیرگارو بابەتێکی کۆمەڵایەتی دەستنیشان کردووە. لە کتێبی ئایدیۆلۆژیای ئاڵمانی دا، مارکس و ئینگلیز بنەمای بۆچوونی ماددی – مێژوویی بەم شێوەیەی خوارەوە دەناسێنن: ( بێگومان یەکەم سەرەتاگەی هەموو مێژووی مرۆڤایەتی بوونی مرۆڤانی زیندوو – و تاکە. یەکەم راستییەك کە دەبێ بچەسپێندرێ رێکخستنی جەستەیی ( فیزیکی) ئەو کەسانە و پەیوەندییان بە سرووشتی دەوروبەری خۆیانەوە هەیە. هەموو نووسینەوە و لێکدانەوەیەکی مێژوویی دەبێ لەم بنچینە سرووشتییانەوە و ئەو گۆرانانەی لە رێڕۆی مێژوو – و کردەوەی مرۆڤدا بەسەریان هاتووە دەست پێ بکا ).

واتە، بە کورتی بنەماکانی بۆچوونی ماددی – مێژوویی ئەمانەن:

1- بوونی مرۆڤان.

2- شێوەی دابین کردنی پێویستییەکانی ژیانیان ( ئەمەش بەستراوەتەوە بە شێوەی باوی بەرهەمهێنانەوە).

3- ئەو شێوە رێکخراوە کۆمەڵایەتی و سیاسییەی لەو شێوە بەرهەمهێنانەوە درووست دەبێ.

4- پەرەسەندن و گۆڕانەکانی ئەو رێکخراوە کۆمەڵایەتییە سیاسییانە.

دانانی ئەم چوار لایەنە مێژوویی یە وەك بنچینەی سەرەکی سەرنجدان و تێگەیشتنی هۆشمەندانەی هەر دیاردەیەکی مێژوویی، بۆی هەیە لێکۆڵینەوەیەکی زانستیمان دەربارەی ئەم دیاردە مێژوویی یە بداتێ.. بە تایبەتی گەر بنەمای دیالەکتیکی گەردونێتی و تێکەڵکاری دیاردەکانی مێژووش لەیاد نەکەین.
واتە: ئەوە بگرینە بەر چاو کە هەر رووداو و ئاڵوگۆڕێکی مێژوویی لە هەر وڵات و کۆمەڵێکدا پەیوەندی دوور یان نزیکی بە رووداو و ئاڵوگۆڕییەکانی جیهانەوە هەیە و کاریان تێدەکا و ، کاری تێ دەکرێ.

## کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم

جا ئێستا با بپرسینەوە: ئیمپریالیزم چییە؟! شێوەی مێژوویی درووست بوون و دەرکەوتنی چۆنە و چۆن کار دەکا؟! .
وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە، بێگومان پێویستی بە روونکردنەوەی مانای وشەی کۆلۆنیالیزم – یش هەیە.
ئەگەر بۆ سەرەتاکانی مێژوو بگەڕێینەوە، دەشێ دیاردەی کۆلۆنیالیزم ( یان راستتر کۆلۆنیالی کردن) (7) بەم شێوە سادەیەی خوارەوە ببینین:
کۆمەڵە مرۆڤێك لەسەر خاکێکی دیاریکراودا دەژین... بۆ ئەوەی پێویستییەکانی ژیانیان بەدەست بێنن پەیوەندی لەگەڵ سرووشتدا دەبەستن و لە بەرووبوومەکانی کەڵك وەردەگرن.. ئەم مرۆڤانە زاووزێ دەکەن. هەرچۆنێ بێ ژمارەیان زۆر دەبێ تا ئەو رادەیەی ئەو ناوچەیەی تێیدا دەژین لە توانایدا نامێنێ بیان ژێنێ. لەبەر ئەوە هەموویان یان کۆمەڵێکیان کۆچ دەکەن بۆ خاکێکی تر و ئاوەدانی دەکەنەوە و دەیکەنە جێنیشتگەی خۆیان. ئەو شوێنە نوێیە: جەنگەڵ بێ، دوورگە بێ، باخ و رەز بێ یان هەر زەوییەکی بە پیت بێ: بە ( کۆلۆنی) دادەندرێ. لێرەوە وشەی ( کۆلۆنی) لە زمانی یۆنانیدا بە مانای ئاوەدانکراوە یان جێ نیشتگە و نیشتگە Settlement یان ئەو خەڵکانەی لە نیشتمانی خۆیانەوە بۆ ئەم نیشتگە تازە چوون: بەکارهێنراوە (8). وشەکانی عەرەبیی استعمار و مستعمرە ش کە مانای خواستنی ئاوەدانکردنەوە و ئاوەدانکراوە دەگەیەنن هەر لەم مانا سەرەتایی یەوە وەرگیراون: واتە ناوەڕۆکی کۆلۆنیالیزم هەر لە سەرەتای دەرکەوتنییەوە ناوەڕۆکێکی ئابوورییە. بەڵام دیارە کۆلۆنیالیزم هەروا دیاردەیەکی ئابووری سادە و بێ تاوان نەبووە.... زۆربەی جار ئەم کۆلۆنیالکردنە لە رێگای هێز و شەڕ و زۆردارییەوە و لەسەر حسێبی هاڕین و ژێرپێدان و چەوساندنەوەی کۆمەڵانی تری مرۆڤ ئەنجام دراوە.. هەروا کۆلۆنیال کردن هەمیشە پراکتیسێکی جەوهەری سیاسەتی دەوڵەتە ئیمپراتۆرییەکان بووە. ئەدەبیاتی کۆن و دەوڵەمەندی یۆنان بۆمان ئاشکرا دەکا کە کۆلۆنیالیزم وەك دامەزراوە و فەلسەفەی سیاسیی لەگەڵ دەرکەوتن و چەسپ بوونی دەوڵەتی چینایەتیدا شوێنی خۆی گرت. کۆلۆنیال کردن و جەنگی کۆلۆنیالی بەشێکی گرنگی ناوەڕۆکی مەلحەمەکانی ( ئەلیازە و ئۆدیسەی)

هۆمیرۆس پێك دێنن (9). بەڵام لەگەڵ پێگەیشتن و درووست بوونی دەوڵەتی چینایەتی لە یۆناندا لە نێوان سەدەی شەشەم و چوارەمی پێش زایندا، کۆلۆنیالیزم وەك بەشێکی گرنگی ئایدیۆلۆژییەتی چینایەتی دەوڵەتی یۆنانی خۆی دەرخست... ئاشکرا بە دەوڵەتی یۆنانی لەسەر بنچینەی کۆیلایەتی ( عبودیەت: Slavery ) دامەزرابوو... دیمۆکراسی یۆنانیش کە لە ( ئەسینا ) دا سەری هەڵدا، نەك هەر دیاردەی کۆیلەیەتی لەناوبرد، بەڵکو بۆ یەکەم جار لە مێژوودا کردی بە شێوەیەکی سەرەکی بەرهەمهێنان. پیتی ئەندەرسن لە کتێبی ( چەند دەروازەیەك لە کۆیلایەتییەوە بۆ دەرەبەگایەتی ) دەنووسێ:

(ئازادی و کۆیلایەتی هێلین لێك جیا نەدەکرانەوە.. هەر یەکێکیان هەلومەرجی بنەڕەتی ئەوی دی پێك دێنا.. ئەمەش نموونەی پێشینی یان هاوتای لە قالدرمەی هێزی دەسەڵاتی ئیمپریاتۆرییەکانی ڕۆژهەڵاتی نزیکدا نەبوو... لەمەوە نە تێگەیشتنی هاونیشتیمانی ئازاد نە کۆیلەی ملکداریتییان لە نێودا هەبوو) (10)

ڕەنج و ئارەقی کۆیلەکان زۆر لە وشەی زەق و بریقەداری دەستورەکانی یۆنانی بۆ پاراستنی دیمۆکراسی یۆنانی پێویست بوو... لێرەوە دەوڵەتی یۆنانی پێویستییەکی زۆری بە ئایدیۆلۆژییەتێکی کۆمەڵایەتی هەبوو کە جیاوازی چینایەتی بکاتە شتێکی سرووشتی ژیانی مرۆڤ و یەکەم سەرەتای ئەو ئایدیۆلۆژییەش ئەوە بوو وا دابنرێ مرۆڤان لێك جیاوازن: خودا وەك یەك درووستی نەکردوون. ئەفلاتوون لە کتێبی (کۆمار) دا دەری دەخا کە ئەم سەرەتایە گەرچی راست نییە و درۆیە، بەڵام دەبێ وەك شتێکی راست بە خەڵکی بسەلمێندرێ. بەهەرحاڵ ئەفلاتوون دەڵێ: درۆکردن ماف و ئیمتیازی تایبەتی دەسەڵاتدارانە، بۆ ئەوەی بتوانن حوکم بکەن دەبێ درۆ بکەن (11) درۆی هەرە جەوهەریش ئەوەیە کە مرۆڤان بە جیاوازی و نزم و بەرزی لە دایك دەبن. ئەفلاتوون دەنووسێ:

( لە چیرۆکەکەماندا پێیان دەڵێین: هاوڵاتینە، ئێوە بران، بەڵام خوا بە شێوەیەکی لێك جیاواز ئێوەی داڕشتووە.. هەندێکتان توانستی ئەوەیان هەیە فەرمانداریتی بکەن... خوا لە لەشی ئەواندا زێڕی تێکەڵاو کردووە... لەبەر ئەوە شەرەفی هەرە بەرز هی ئەوانە... هەندێکی کە لە زیو درووست بوون، بۆ ئەوەی ببنە هاوکار و دەستەبەر.. هەندێکی کەشی لە فافۆن و ئاسن درووست کردوون بۆ ئەوەی ببنە پیشەساز و خزمەتکار و بەردەست، یەکەم سەرەتاکە کە خودا بە حاکمەکانی راگەیاندووە ئەوەیە، کە لە سەرووی هەموو شتێکی دییەوە پاکێتیی رەگەز بپارێزن.. چونکە هەر کاتێ پیاوێکی ئاسن و فافۆن ببێتە پاسەوانی دەوڵەت، ئەو دەوڵەتە تێك دەچێ ) (12).

بەلای ئەفلاتوونەوە: مرۆڤ بەگشتی دوو بەشن، بەشی کەمێتی یان سەربژاردە ( نخبە: Elitr ) کە دەبێ دەسەڵاتیان هەبێ و فەرمان رەوا بن . زووربەشی ( عامەی خەڵك ) ئەوانەن کە دەبێ حوکم بکرێن و ژێردەست بن .

ئەرستۆ رواڵەتێکی سرووشتی و ( زانستی) بەم بیرەی ئەفلاتوون دەدا و دەڵێ: **تەبیعەت هەندێ مرۆڤی وا درووست کردووە بۆ عەبدایەتی لە دایك بن و هەندێکیش بۆ ئەوە لەدایك دەبن ببنە فەرمان ڕەوا و دەسەڵاتدار... گەر وا نەبێ درووست بوونی کۆمەڵ و دەوڵەت مومکین نابێ** (13) .

قبووڵ کردنی کۆیلایەتی وەك پێویستییەکی سرووشتی کۆمەڵگای مرۆڤ بنچینەی فەلسەفیی سیاسەتی دەوڵەتی یۆنانی بوو. بەڵام لەگەڵ توند و تیژ بوونی ململانێی چینایەتی و ناوچەگەریتی – وردە وردە بیرکردنەوەی یۆنانییەکان بەتایبەتی لە سەردەمی رژێمی دیمۆکراتیدا، بەرەو بیرکردنەوەیەکی نەتەوەیی رۆیشت و هەوڵیان دا ئەو بیرکردنەوە نەتەوەیی یەش لەسەر بنچینەیەکی کۆلۆنیالی دابرێژن. ئەم جۆرە بیرکردنەوە نەتەوەیی یە کۆلۆنیالی بیە بە تایبەتی بۆ چینی بازرگان و سنعەتکار و دەستەی سەرباز زۆر پێویست بوو، چونکە ئەوان لە لایەکەوە دەیانوویست، رێگا و ناوچەی بازرگانێتی فراوان بکەن و لە لایەکی دیکەشەوە دەیانویست کرێکارێکی زیاتر لە سنعەتی درووستکردنی کەشتی جەنگی و گانگەکاندا بەکاربهێنن.. بۆ ئەم مەبەستانەش گەرەکیان بوو یەکێتی خاکی یۆنان لەژێر یەك دەسەڵاتی یەکگرتوودا زامن بکەن و بزووتنەوەی کۆلۆنیالی دەست پێ بکەن (14). ئەو هۆکارەی (عامل : factor ) هەلومەرجی بابەتی بۆ سەرهەڵدانی بیری کۆلۆنیالیستی یۆنانی خۆش کرد، هێرشی فارس و میدییەکان بوو بۆ سەر خاکی یۆنان و تێکشکاندنی ئەو هێرشانە لەلایەن ئەسینییەکانەوە بە هاوکاری هەندێ لە ناوچەکانی تری یۆنان.. دوای ئەوەی کە پێشتر و (دواتریش) زۆربەی جار هەندێ لە تیرەی یۆنانی بە تایبەتی ئەسپارطە هاوکارییان لەگەڵ ئیمپراتوورییەتی فارسیدا دژی دوژمنەکانی ناوخۆیان ( واتە یۆنانیەکانی تر) دەکرد..... سەرکەوتنی یۆنانیەکان لە شەڕەکانی ( ماراثون) و 9 پ، ز ( سەلەماس) 80 پ.ز هەلومەرجێکی سیاسیی و سایکولۆژیی لەباری بو دەرکەوتنی بیرکردنەوەی نەتەوەیی خۆش کرد، وورە و حەماسەتێکی گەورەی بە ئەثینییەکان بەخشی و بوو بە بەهانە و بنەمایەکی مێژوویی گرنگ بۆ سەرهەڵدان و پەرەپێدانی ئایدۆلۆژییەتی کۆلۆنیایستی و ئیمپریالیستی.. ئەو پێشکەوتنە گەورەیەی ئەسینیەکان لە ماوەیەکی کورتی دوای شەڕەکان لە مەیدانەکانی سنعەت و زانست و فەلسەفە و ئەدەبدا بەدەستیان هێنا، وای لێ کردن خۆیان لە کۆمەڵ و گرۆ و نەتەوەکانی دی بە پێشکەوتو تر و بەرزتر و ژیرتر دابنێن. ئەمەش لە نووسین و بیرکردنەوەی نوێنەرانی بیری دەستەی فەرمانڕەوادا ڕەنگی دایەوە. بەم جۆرە یۆنانیەکان خۆیان بە نێوەندی مێژوو و شارستانیەت دانا و هەموو نەتەوەکانی کەشیان بە بەربەری (بەربەرۆس) ناو دەبردن. ئەم وشەیە یەکەم جار تەنیا مانای (بێگانە) ی دەگەیاند. بەڵام ئەوان مانای فیکریی و کلتووریی تریان بۆ ئەم وشەیە زیاد کرد بەربەرییەکان تەنیا بێگانە نەبوون، بەڵکو ئەوانە بوون کە کێوی و دواکەوتوو و نزم پایەن و لە پلەیەکی سەرەتایی مێژوویی‌دان. دوای ئەم ناوەیان بەسەر هەموو ئاسیاییەکان دا دابڕی کە ئەو کاتە بەتایبەتی فارسەکان و میدییەکانی دەگرتەوە.. یەکەم جار ئەم بیرە لە

شانۆهەری (فارسەکان) دا کە لەلایەن ئەسخیلوسەوە لە ساڵی 472 پ.ز دا نووسراوە و تەمسیل کراوە، ڕەنگی دایەوە. (14).
گرنگترین بیری کۆلۆنیالیش دانانی ئاسیاییەکان بوو بە دوژمنی سروشتی یۆنانیەکان.. دیارە گەلاڵە کردنی ئەم بیرە پێویستییەکی ئایدۆلۆژی بوو بۆ پەرەپێدانی دەسەڵاتی چینایەتی چینی فەرمانڕەوا و نیشانەدانی دەوڵەتی چینایەتی وەك حکوومەتی هەموو یۆنانیەکان و داپۆشینی ناکۆکییەکانی چینایەتی، بە واتایەکی دی: بیری دوژمنی دەرەوە (واتە دەرەوەی نیشتمانی تایبەتی کۆمەڵە نەژادێکی تایبەتی) دەورێکی گەورەی هەبوو لە درووستکردنی بیری نەتەوە (ئیثنۆس) دا. بۆ ئەوەی بەرامبەر دەسەڵات و دەستدرێژی ئیمپراتۆرییەتی فارس بوەستن، رووناکبیرانی یۆنان، داوایان کرد یۆنانییەکان وەك یەك نەتەوە بیر لە خۆیان بکەنەوە و بەرامبەر دوژمنی دەرەوە یەك بگرن و ناکۆکییە چینایەتی و ناوچەیی‌یەکانیان فەرامۆش بکەن و هەرچۆنێ بێ خۆیان بە دۆست و برای یەکتر دابنێن.
ئەم بیر و بۆچوونە زۆر بە ڕوونی و زەقی لە نووسینەکانی (ئەسخیلۆس) و (ئەفلاتوون) و (ئیسۆکراتس) و (ئەرستۆ) دا بە دەردەکەوێ. ئەفلاتوون لە کتێبی (کۆمار) دا، بەربەرییەکان بە دوژمنی (سرووشتی) یۆنانییەکان ناو دەبا و دەنووسێ:
(کاتێ هێلینییەکان (واتە یۆنانییەکان) لەگەڵ بەربەرییەکان شەڕدەکەن، ئەوا ئەو ناکۆکییە دەبێ پێی بووترێ: شەڕ یان جەنگ چونکە ئەوان دوژمنی تەبیعین. بەڵام کاتێ هیلینییەکان لە نێو خۆیاندا شەڕ دەکەن، ئەوە دەبێ پێی بووترێ ناڕێکیی چونکە هیلینییەکان دۆستی تەبیعی یەکترن) (15).
ئەرستۆش لە کتێبی (سیاسیەت) دا بەربەرییەکان نەك هەر بە دوژمنی سروشتی بەڵکو بە عەبدی سروشتی دادەنێ. ئەوان بە کۆیلەیی لە دایك دەبن و شایانی ئەوەن وەك هەر کەلوپەل و کەرەسەیەکی کڕین و فرۆشتن بەکاربهێندرێن و ژێردەست بکرێن و بفرۆشن و لەناو ببردرێن. ئەرستۆ ڕوونی دەکاتەوە کە تەنانەت ئەوانەی دژی بیری عەبدایەتی مرۆڤ بوون، دژی ئەوە نەبوون بەربەرییەکان بە عەبد دابنرێن (16). هەڵبەت بەلای ئەوانەوە بەربەرییەکان مرۆڤی تەواو نەبوون و نیمچە مرۆڤ بوون....
ئیسۆکراتیش درووشمی کۆلۆنیالیزمی کردە درووشمێکی ناسۆنالیستانەی ئیمپیریالیستانە. درووشمی: (ئاشتی و تەبایی لەناو خۆدا و شەڕ لە دەرەوەدا) دژی ئاسیا. ئەو بانگەوازی بۆ ئەوە کرد یۆنانییەکان ناکۆکی چینایەتی و هەرێمایەتی نێو خۆیان لە بیر بەرنەوە و بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی برسێتی و بێ ئیشی و هەژاری، لەشکری بەهێز پێك بهێنن و هێرش بکەنە سەر ئیمپراتۆریەتی فارس و هەرێمە دەوڵەمەندەکانی ئاسیا بکەنە کۆلۆنی خۆیان. ئەسوکراتس دەنووسێ:
(ئەم شەڕە دژی ئاسیا تاکە شەڕێکە، ڕاستییەکەی لە ئاشتی باشترە. ئەم شەڕە وەك ئەرکێکی دینی وایە. بۆ مریدانی شەڕ و ئاشتی هەردووك بەخێر دەگەرێ. ئەوانەی ئاشتییان

دەوێ دەتوانن لەمەو دوا لە ژێر سێبەری ئاسایشدا بژین، ئەوانەی دەچنە مەیدانی شەڕیشەوە، دەتوانن سەروەت و سامانێکی زۆر لە ملکی خەڵکی بەدەست بێنن) (17).
ئەرستۆ و ئیسۆکراتس هەردووکیان ماوەیەك مامۆستای ئەلکساندەری مەکدۆنی بوون ومێشکی ئەویان بەو بیرە ئیمپریالیستانە زاخاو دابوو.
ئەم سەرنجە خێرایەی سەرەوە دەربارەی شێوەی دەرکەوتنی پەیدابوونی بیری کۆلۆنیالی لە کۆمەڵگای چینایەتی یۆنانیدا چەند ڕاستییەکی جەوهەریی مێژووییمان بۆ دەردەخا:
**یەکەم/ بیری (دوژمنی دەرەوە) و پێویستی وەستان و یەکگرتن بەرامبەری، یەکێکە لە هۆکارە مێژوویی و ئایدۆلۆژییەکانی درووست کردنی بیری نەتەوەیی..** دەوری سیاسی ئەم بیرە نەتەوەیی- یەش لەژێر سایەی دەوڵەتی چینایەتیدا ئەوەیە ناکۆکییە چینایەتییەکانی ناوخۆ بشارێتەوە و کۆمەڵانی خەڵکی چەوساوە بکاتە ئامرازێك (ئەداتێك) بۆ شەڕی کۆلۆنیالی.
**دووەم/ دیمۆکراسی چینایەتی و چەوساندنەوەی چینایەتی و پرۆژەی کۆلۆنیالیی بەیەکەوە گرێ دراون و لێك جیا ناکرێنەوە...** ڕاستیی ئەم دراوەیە (أطروحة Thesis) بە درێژایی مێژوو دووبارە بۆتەوە و سەلمێندراوە. **ڕژێمەکانی دیموکراتی ڕۆژاوایی هەر لە سەرەتای دەرکەوتنیانەوە، لە سەرەتای سەدەی نۆزدەمەوە، لەسەر بنچینەی چەوساندنەوەی چینایەتی و (یان) تاڵانکردنی کۆلۆنیالی سامان و سەروەتی گەلانی دنیا دامەزراون..** لەبەر ئەوە ڕزگار بوون لە کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم هەرگیز بەیەکەوە کۆنابنەوە.
**سێیەم/ ناوەڕۆکی جەوهەری کۆلۆنیالیزم بەکارهێنانی دڕندانە و نامرۆڤانەی هێز ە توندوتیژییە بۆ هاڕین و ژێردەست کردن و چەوساندنەوەی گەلانی دەرەوەی دەوڵەتی کۆلۆنیالی ئەوانەی بە بێگانە یا بەربەری دادەنرێن لە لایەکەوە و کۆمەڵانی زەحمەتکێشی ناو کۆلۆنیالی خۆی لەلایەکی ترەوە..** لە بەکارهێنانی هێزدا، کۆلۆنیالیستەکان هیچ لێکدانەوەیەکی ڕەوشتی و مرۆڤی و خودایی ناگرنە بەرچاو... هێز خۆی هەموو شتێکە... ڕەوشت ، یاسا ، مرۆڤایەتی تەنانەت خوداش... بۆ نموونە کاتێ میلیانییەکان ( کە خۆشیان یۆنانی بوون ) داوا لە ئەسینییەکان دەکەن کە ڕێگایان بدەن بە بێ لایەنی بمێننەوە.. ئەسینییەکان ئەمە قبووڵ ناکەن . ئەوسا بە ئەسینییەکان دەڵێن گەرچی ئەوان ( واتە ئەمیلیانیەکان) بێ هێزن و ژمارەیان کەمترە ، بەڵام هیوایان لە دڵدا هەیە و باوەڕیان بەوە هەیە کە خواکان یارمەتی ئەوان دەدەن . چونکە ئەوان لەسەر هەق و عەدالەتن ، ئەسینییەکان گاڵتە بەم وسەیە دەکەن و دەڵێن: هیوا و هەق و عەدالەت بیر و خەیاڵی بۆش و بێهودەی بێ دەسەڵاتانە... ئەوسا دەڵێن:
( ئێمەش وەك ئێوە، ئەو خوایانەی باوەڕمان پێیان هەیە و ئەو مرۆڤانەی دەیان ناسین، هەرکاتێ دەسەڵاتیان هەبوو حوکم و فەرمان ڕەوایی دەکەن. ئێمە ئەم یاسایەمان درووست نەکردووە، یان دوای درووست بوونی دەستکاریمان نەکردووە.. پێش ئەوەی ئێمە هەبین ئەو یاسایە هەبووە و لەدوای خۆشمان بۆ هەتا هەتایە، بەجێ دەهێڵین و ئەوەی ئێمە دەیکەین

تەنیا ئەوەیە بەکاری بێنین. چونکە دەزانین ئێوە یان هەرکەسێکی دی ئەو هێزەی ئێمەی هەبێ هەر وەك ئێمە رەفتار دەکەن، لەبەر ئەوە تا ئەو ئاستەی پەیوەندی بە خواکانەوە هەیە، هۆی ئەوە شك نابەین ترسی ئەوەمان هەبێ کە خواکان پشتی ئێمە ناگرن) (18) .
واتە هەر کاتێ هێزت هەبوو، خوداش پشتت دەگرێ، کە هێزت نەبوو هیوا و هەق و عەدالەت و پاڕانەوە لە خوا خۆهەڵخەڵەتاندنە و نرخێکی نییە.
بە کورتی: هێز ناوەڕۆکی دەسەڵات و یاسای کۆلۆنیالیزمە . هەر ئەم بەکارهێنانەی هێزە کە دیاردەی کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم پێکەوە دەبەستێتەوە . دیاردەی ئیمپریالیزمیش زۆر لە کۆنەوە و لە هەر قۆناغێکی مێژووییدا هەبووە... تەنیا شێوە و رواڵەتەکەی لە قۆناغێکی مێژوویی یەوە بۆ قۆناغێکی مێژوویی تر گۆڕاوە . ئیمپراتۆریەتە کۆنەکانی میسر و چین و ئاشوور و فارس و ئەرمەنیا و یۆنان و رۆمان و ئیسلام و بێزنطی و عوسمانلی.. بەرهەم و نوێنەری بزووتنەوەی ئیمپریالیستی بوون .
هەروەك کۆلۆنیالیزم ، ناوەڕۆکی ئیمپریالیزم فراوانکردنی هێز و دەسەڵاتە. راستییەکەی جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوان کۆلۆنیالیزم و ئیمپریالیزم دا نییە.. جیاوازی سەرەکی ئەوەیە کۆلۆنیالیزم داگیرکردنی وڵاتێك و جێ نیشتەبوونی خەڵکی نەتەوەی داگیرکەر لە وڵاتی داگیرکراودا دەگەیەنێ . دەتوانین بڵێین هەموو کۆلۆنیالیزمێك ئیمپریالیزمە . بەڵام هەموو ئیمپریالیزمێك کۆلۆنیالیزم نییە .. بۆ نموونە داگیرکردنی عیراق و کوردستان لەلایەن بەریتانیاوە کارێکی ئیمپریالیستی بوو بەڵام کۆلۆنیالی نەبوو... چونکە ئینگلیزەکان نەهاتن لە عیراق جێ نیشتە بن و بیکەنە کۆلۆنی خۆیان... لە کاتێکدا فەرەنسییەکان لە جەزائیردا جێ نیشتە بوون و کردیانە کۆلۆنی خۆیان . لەمەوە بۆمان دەردەکەوێ کە کۆلۆنیالیزم بە شێوەیەکی ئاشکراتر ، راستەوخۆ تر و کاریگەرتر ئامانج و خواستی ئیمپریالیسیانە و داگیرکەرانە دەردەبڕێ .

## ئیمپریالیزم و هێز و جوگرافیا

ئیمپریالیزم وەك کۆلۆنیالیزم دیاردەیەکی جوگرافییە: واتە دەسەڵات گرتنە بەسەر خاك و ئاو و سامانی وڵاتان و کۆمەڵانی تردا... ئەم دەسەڵات بەسەرگرتنانەش هەمیشە لە رێگەی بەکارهێنانی هێزەوەیە.... جا چ هێزی سوپایی راستەوخۆ بێ ، وەك لە کۆندا باو بوو، یان هێزی سیاسیی و ئابووریی بێ وەك لە ئیمپریالیزمی تازەدا خۆی دەنوێنێ.
بنچینەی وشەی ئیمپریالیزم – بۆ وشەی ( ئیمپیریەم ) Imperium ی لاتینی دەگرێتەوە.. رەگی ئەم وشەیەش کرداری pe are بە مانای ئامادەکردن و Imperare بە مانای دەسپێشخەری کردن و خۆئامادەکردنە دژی شتێك یان کۆسپێکی رەچاوکراو (19)... بەڵام رۆمانییەکان وشەی ( ئیمپیریەم) یان بەشێوەیەکی تایبەتی بۆ دەستنیشانکردنی ئیمتیازی تایبەتی لۆردە ملکدارەکانی رۆمانی بەکار دێنا: واتە ئەوان مافی دەسپێشخەری و فەرمان دان و دەسەڵات نواندنیان هەیە: مافی حوکم کردن و ژێردەست کردنی کۆمەڵانی خەڵك و

رەعیەت . لەمەشەوە وشەی ئیمپریەم مانایەکی جوگرافیشی پەیداکردووە و جگە لە مافی فەرمانرەوایی کردن ، ئەو ناوچەیەشی دەستنیشان کردووە کە حوکمەکە دەیگرێتەوە (20) .
واتە لای ڕۆمانییەکان ( ئیمپیریەم) دوو مانای پێکەوە بەستراوی هەیە:
یەکەم/ مافی موتلەقی فەرمان کردن و دەسەڵات بەسەرداگرتن.
دووەم/ ئەو ناوچە جوگرافیەی ئەو مافەی تێدا دەخرێتە کار .
لەمە دەسەڵاتی هەر فەرماندەرێك لە ناوچەکەیدا بە دەسەڵاتی ئیمپریالی Imperial Power ناو دەبردرا . دیارە تا ناوچەی دەسەڵات بەسەرداگیراو فراوانتر بایە ، مانای وابوو دەسەڵاتی ئیمپریالی بەهێز ترە... بۆیە سیاسەتی ئیمپریالی بوو بە ئامانجێك خۆی لە خۆیدا و ئیمپراتۆرەکانی رۆمانی ئایدۆلۆژیەتێکی ئیمپریالیستییان بۆ پاڵپشتی کردنی شالاوی داگیرکردنی وڵاتانی تر دارشت . بەپێی ئەو ئایدۆلۆژییەتە ئەوان خۆیان بە نوێنەر و نەوەی خواکان دادەنا و وایان دادەنا کە ئەوان بەپێی نەخشەیەکی یەزدانیی ئەو دەورەیان پێ سپێردراوە کە وڵاتان داگیرکەن و هەموو گەلانی دنیا بخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە و ئیمپراتۆریەتێکی گەردوونی دابمەزرێنن و ئاشتی و ئاسایش و نیزام و یاسای تێدا بسەپێنن . ئەم بیرانە بەشێوەیەکی ئاشکرا لە کارە ئەدەبییە بەرزەکانی ( ڤرجیل) بە تایبەتی لە مەلحەمەی ( ئینیاد) دا بەدەردەکەون (21) ... کە لەوێدا ڤرجیل بەرزێتی رەگەز و کەسێتی رۆمانەکان بە بەراوورد لەگەڵ گەلانی تردا نیشان دەدا و ...... وای دەردەخا کە رەگەزی رۆمانی و نەتەوەی رۆمان ئەوەی لە ناوچەوان نووسراوە بە زەبری شەڕ و کوشتار هەموو دنیا داگیر بکا و خۆی بکاتە سەردار و سەروەری گەلانی جیهان..
رۆمانیەکانیش وشەی کۆلۆنی ( کۆلۆنیا Colonia ) یان بۆ وەسف کردنی نیشتگەکانی خۆیان لە وڵاتانی ناحەز بە رۆما یان تازە داگیرکراو بەکار دەهێنا (22).... بە کورتی ئەگەر چی وشەی (ئیمپریالیزم) بە مانای فەلسەفی داگیرکردن و فراوانکردنی دەسەڵات لەلایەن رۆمانیەکانەوە بەکارنەدەهێنرا، ئیمپریالیزم پراکتیس و جەوهەری سیاسەت و رێباز و رەوش و ئایدۆلۆژییەتی رۆمانییەکان بوو . هەر گەلێك کە لە ژێر دەستی ئەوان دا بایە ، ئەوانیش بە چاولێکردنی یۆنانییەکان بە بەربەری (بەربەرۆس) یان دەژماردن و ئەو مافەیان بە خۆیان دەدا یان بە زەبری هێز و کوشتار بیانخەنە ژێر دەسەڵاتی خۆیانەوە ، یان بە تەواوی قەلاچۆیان کەن . چونکە خۆیان پێ لە هەموو گەلانی دنیا ئازاتر و ژیرتر و لێهاتووتر بوو... باوەڕیان وابوو کە تەنیا ئەوان دەتوانن یاسا دابنێن و ئاشتی بچەسپێنن حوکم بکەن . گەلانی دی لەوە کەمتر و نازیرتر و دواکەوتوترین بتوانن خۆیان حوکمی خۆیان بکەن ، لەبەر ئەوە دەبێ لەلایەن رۆمانەوە حوکم بکرێن...
لە سەدەکانی نێوەندا، بەربەرەکانی نێوان ئیسلام و مەسیحیەت بوو بە بەربەرەکانییەکی جیهانی و مێژوویی دووروو درێژ، ئیسلام و مەسیحییەت (بزووتنەوەی سەلیبی) هەردووکیان لە ناوەڕۆکدا بزووتنەوەیەکی ئیمپریالی بوون: واتە مەبەستیان فراوانکردنی ناوچەی دەسەڵاتیان بووە لە رێگای هێز و جەنگ و غەزاوە . بە نیسبەت هەردووکیانەوە دین

ئایدۆلۆژییەکی سیاسی بوو بۆ هوروژاندن و هاندانی کۆمەڵانی خەڵکی رەش و رووت بۆ غەزا و کوشتار ، هەردووکیان لەناوەوە کۆمەلی جیا جیایان پێکەوە جۆش دا بوو – و هەوێتی نەتەوەیی و کۆمەڵیی لە بۆتەی هەوێتی دینیی دا مەیی بوو..

بە نیسبەت ئیسلامەوە مرۆڤ دوو بەش بوون: مسڵمان و کافر.... جیهانیش دوو بەش بوو: دنیای ئیسلامەتی کە پێی دەوترا ( خانەی ئاشتی) ( دار السلم) و هەموو گەلانی دیکەی دنیاش کە لە دەرەوەی چوارچێوەی دەسەڵاتی ئیسلامیدا بوون لە ( خانەی شەر) ( دار الحرب) دا دەژیان (23)... واتە ئەوانە کافر بوون و بەرپاکردنی شەر لە دژیان ئەرکی ئاینی بوو – و کوشتنیان غەزا و حەڵال وو – ئەو ساتە نەبوایە کە ئامادەبن سەر بۆ دەسەڵاتی ئیسلام شۆڕدەکەن... ئەوساش کچەکانیان دەکران بە جاریە و جزیە و باجیشیان دەخرایە سەر و وڵاتەکەیان پێی دەووترا (خانەی سولَح) ( دار الصلح)... ئێستاش شێوەی بەکارهێنانی وشەی کافر و گاور لە زمانی کوردیدا پاشماوەی ئەم تێگەیشتنە فیکرییەی پێوە دیارە . بۆ نموونە ئەگەر کەسێك بە شێوەیەکی دڵرەقانە لە کەسێك یان منداڵێك بدا: پێی دەووترێ: بۆ وا لەو منداڵە دەکەی خۆ کافر نییە؟! واتە گەر کافر یان نا مسڵمان بێ ئەوا رەوایە وای لێ بکرێ . یان بۆ کەسێ بیری بە رەوا دانانی غەزا ( واتە داگیرکردنی وڵاتان) بە زەبری شمشێر و شیر و نێزە و خستنیانە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە و بەکارهێنانی ئەوپەری زەبر و زەنگ و تیژی دژی ناحەزانی ئیسلام بەروونی لە سوورەتەکانی مەدینەیی قورئاندا دەربردراوە . لە ئایەتی ( 216 ) ی سوورەتی ( البقرە) دا هاتووە ( کتب علیکم القتال و هو کره لکم و عسی ان تکرهوا شیئا وهو خیر لکم ) . واتە ( کوشتار کرا بە ئەرکی شەر شانتان گەرچی حەزتان لێی نییە، بەڵام زۆر شت هەیە بەدڵتان نییە و بۆتان بە خێر دەگەڕێ )... هەروا گەرچی لە سەرەتاوە قورئان بریاری دۆستایەتی و یەکێتی هەموو گەلانی ( خاوەن کتێب) ی دا ( اهل الکتاب) واتە مەسیحی و جوو ، لە سەردەمی مەدینەدا کە شەڕ لەگەڵ جوولەکە و گاورەکان دەستی پێکرد ، شەرکردن لەگەڵ ئەوانیش بوو بە ئەرکێکی ئاینی... لە ئایەتی 26 و 27 ی سوورەتی ئەلئەحزاب – دا هاتووە ( و انزل اللذین ظاهروهم من اهل الکتاب من صیاحبهم و قذف فی قلوبهم الرعب فریقا تقتلون و تاسرون فریقا و اورثکم ارضهم و دیارهم و اموالهم و ارضا لم تطوءها و کان الله علی کل شیء قدیرا) .

واتە ( خودا ئەو دەستەیەی خاوەن کیتابی کە پشتیوانیان لە موشریکان دەکرد لە سەنگەر و پەناگا و پایگاکانیان هێنایە دەری و ترس و لەرزی ئێوەی موسڵمانی هاویشتە دڵیان تا وای لێهات ئێوەی موسڵمان کومەڵێکیان بکوژن و کۆمەلێکیان بەدیل بگرن و خودا سەر و ماڵ و زەوی و خانوو بەرەی ئەوانی دا بە ئێوە و ئێوەی کردە میراتگری ئەوان و هەرووەها زەوییەکی دا بە ئێوە کە جێی پێتانی لێ نەبووە . (24) کاتێ ئیسلام وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی (روحی) لە لایەن محەممەدەوە دەستی پێکرد ، گەورە گەورەکانی قورەیش بە توندی دژی وەستان. بەڵام دوای ئەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی دوای کۆچ کردنی محەممەد بۆ مەدینە بوو بە بزووتنەوەیەکی عەسکەریی و سیاسیی و بەرەو سەرکەوتن رۆیشت، بازرگان

و دەوڵەمەندەکانی قورەیش سەیریان کرد کە سەرکەوتن و سەرگرتنی بانگەوازی محەممەد بۆ یەکگرتن لە ژێر ئالای یەك دین و یەك خوداوەندا ( ئیسلام) دەروازەی قازانجی گەورەیان بۆ دەخاتە سەرپشت . یەك پێگرتنی ناوچەکانی جەزیرەی عەرەبیی لە ژێر یەك دەسەلاتی نێوەندیدا و فراوانکردنی سنووری دەسەلاتییان و دەس گرتن بەسەر ریگاکانی بازرگانی ئاسیادا و تەمای داگیرکردنی شار و ناوچە دەوڵەمەندەکانی ئیمپراتورییەتەکانی فارس و بیزەنطە ، بە تەواوی لەگەڵ بەرژەوەندی ئەواندا جووت بوو ، ئەمە بوو بە هۆکارێکی گەورە بۆ رزگارکردنی عەرەبەکان لە بیر و پراوەی ناکۆکی خێلایەتی و شەری تیرەگەریی و ناوچەیی و تەنانەت مل ملانێی کۆمەلایەتی ( چینایەتی ) ش .

بزووتنەوەی غەزا (غزوات) لە سەردەمی عومەری کوری خەتابدا دەستی پێکرد . ئیبن خەلدوون لە ( المقدمە) دا بۆمان دەگێرێتەوە کە عومەر بۆ هاندانی هەندێ تیرەی بە دووی عەرەب بۆ داگیرکردنی عیراق پێی ووتن: کە حیجاز لەوەڕگای ئەوانە، بەڵام ماڵی ئەوان نییە و دەسەلاتیان بەسەریدا نییە. ئەوسا پێی گوتن:

**ئێوە کۆچەرییە تازەکان شوێن و هەلوێستتان چییە بەرامبەر ئەو بەڵێنەی خودا لە قورئاندا بەوەی داوە ( و انتشروا فی الارض)... واتە خودا زەوی بۆ میراتگری ئێوە داناوە. (25).** بەڵام غەزەواتی ئیسلامی لە رووی ئایدۆلۆژییەوە ، لەژێر درووشمی رەگەزێتی و نەتەوایەتیدا ئەنجام نەدەدران.. محەممەد بیری ( ئوممەی ئیسلامی) هێنایە کایەوە کە یەکسانی تیئۆری هەموو ئەو نەتەوانەی دەگرتنەوە کە ئیسلامیان قبووڵ دەکرد. جگە لەمەش ئەو ئیمپراتۆرییەتانەی ئیسلام دژیان دەجەنگا ( فارسی و بیزەنطی) ئیمپراتۆریەتیکی پیرەلۆکە و داوەشاو و پڕ زولم و زۆر و بێدادی کۆمەلایەتی بوون... بۆیە زۆر لە گەلانی رۆژەلات خۆیان دەچوونە پاڵ ئیسلامەوە و لە بزووتنەوەی (جهاد) دا بەشداریان دەکرد.... درووشمی یەکسانیی رەگەز و نەتەوە و گرۆی کۆمەلایەتی پاڵنەرێکی گەورە بوو بۆ ئەم مەبەستە.. دڵسۆزی بۆ ئیسلام و بەجێگەیاندنی مەرج و رێگای سەرەکی چوونە پێشەوە و بەدەست هێنانی پلە و پایەی بەرز بوو... هەرچۆنێ بێ ئەو سەرووەت و سامانە زۆرەی لە ئەنجامی غەزەوات و شەڕ و تالانکارییەکاندا لە دەستی موسڵمانەکاندا کۆبۆوە، بووە هۆی درووستکردنی دەستەیەکی ئەرستۆکراتی دەوڵەمەند کە بە تەواوی لە ئامانج و سەرەتاگە نادنیایی و دادپەروەرییەکانی ئیسلام دوورکەوتنەوە. ئەم دیاردەیە بە تەواوی لە سەردەمی خیلافەتی عوسمانی کوڕی عەفاندا خۆی دەرخست. (26)

دواییش بنەماڵەی ئەمەوییەکان (660-750) ئیسلامیان کردە بزووتنەوەیەکی سیاسی و ئایدۆلۆژییەتیکی شۆفینیزمی توندڕۆی نەتەوەی عەرەب و سوریایان لە مەرکەزێتی ئیسلامییەوە کردە مەرکەزی عەرەبچێتی.. زمانی عەرەبییان کردە زمانی ڕەسمی دەوڵەت و دراوی عەرەبییان لێدا. هەر وەك چۆن یۆنانییەکان بە گەلانی نا یۆنانییان دەووتن (بەربەری) ئەوانیش بە موسڵمانی نا عەرەبیان دەووت (مەوالی). سیاسەتی پاراستنی پاکێتی ڕەگەزی عەرەبیی و سەپاندنی کەلتووری عەرەبییان گرتە بەر. موسڵمانێکی

رووناكبيريش دژی ئەم سياسەتە بايە، بە (زەنديق) واتە لە دين دەرچوويان ناودەبرد.
بەرامبەر ئەم سياسەتە شۆڤێنييە عەرەبچێتيە ئەمەوييەكان بزووتنەوەی (گەلچێتی) لە نێو گەلانی نا عەرەبدا پەيدا بوو.. ئەم بزووتنەوەيە پەرەی ساند و بەهێز بوو هەتا دەوڵەتی ئەمەوی لەسەر دەستی ئەبوو موسليمی خوراسانی لە ساڵی 750 ی زاينی دا روخێنرا. دەوڵەتی عەبباسی (750-1258) جێی گرتەوە (27). رووخانی دەوڵەتی ئەمەوی ئەوەی سەلماند كە شۆڤينيزمی نەتەوەيی يا دەوڵەتی نەتەوەيی شۆڤێنيست بە شێوەيەكی سياسی و ئايدۆلۆژی ڕاستەوخۆ لە چوار چێوەی ئيمپراتۆرييەتێكی گەورە و فراوانی وەك ئيسلامدا سەرناگرێ...... بەڵام ديارە ئەمە مانای نەبوونی ناكۆكی نەتەوەيی پێكهێنەری جەوهەری سياسەتی ناوخۆی عەبباسيەكانيش بوو... بەڵام لە چوار چێوەی ئەو قۆناغە مێژوويىيەدا ئەم ناكۆكييە بە سێ شێوە خۆی دەردەخست:
يەكەم/ شێوەی سياسی: لەبەر ئەوەی لەو قۆناغە مێژوويىيەدا تەنيا دەستەيەكی سەربژاردە (نوخبە) ی كەم هۆشياری سياسييان هەبوو، ناكۆكی سياسی نەتەوەيی بە مانای سياسی ڕاستەوخۆ، وەك بەربەرەكانی نێوان بنەماڵەكانی ئەريستۆكراتی، يان كاربەدەستانی گەورەی تورك و عەرەب و فارس خۆی دەردەخست، ئەمەش زۆر جار لە شێوەی پيلان بۆ نانەوە و كوشتن بە فێڵ دا ڕەنگی دەدايەوە: وەك دەوری بنەماڵەی بەرمەكييەكانی كورد لە ڕووخاندنی ئەمەوييەكان و كوشتنی ئەبوو موسليم بە دەستی ئەبوو جەعفەری مەنصوور و، لەناوبردنی بەرمەكييەكان بەدەستی هاروونە رەشيد و كوستنی خەليفە موعتەصەمی عەرەب بە دەستی توركەكان... هتد.
دووەم/ شێوەی بەربەرەكانی چەكدار: شێوەی سەربازی ناكۆكی نەتەوەيی و ناوچەيی لە ياخی بوون و ڕاپەڕينی چەندان كۆمەڵ و تيرەی جياوازی سەر بە نەتەوەی جياواز دژی دەسەڵاتی نێوەندی، يان كاربەدەستانی دانراوو لەلايەن ئەو دەسەڵاتەوە، خۆی دەنوواند. گەرچی ناتوانين بڵێين هۆ و هۆشياری نەتەوەيی لە پشت ئەو ڕاپەڕين و ياخی بوونانەوە بووە، بەڵام ئەو ڕاستييەی كە ئەو ڕاپەڕينانەی دژی دەسەڵاتی نێوەندی و سياسەتی داگيركردنی ئەو دەسەڵاتەوە و كاربەدەست و فەرمانڕەوايانی سەپێنراوو لەلايەن ئەوەوە، ڕوويان دەدا، ئەوە دەردەخا كە چوارچێوەی سروشتی ڕاپەڕينەكان نەتەوەيی و ناوچەيی بووە. لە سەردەمی عەبباسێكاندا و دواييش بە درێژايی بەردەوامبوونی دەسەڵاتی سەفەوی، ناوچەی كوردستان دەيان بەڵكو سەدان ڕاپەڕينی گەورە و بچووكی بەخۆيەوە ديوە. زۆربەی ئەو ڕاپەڕينانە بە زەبری شەڕ و كوشتاری ژن و منداڵ و وێرانكردنی شار و وێرانكردنی شار و دێهات سەركووت كراون (28)... جگە لەوەش زۆر لە راپەڕينەكانی سەردەمی ئيسلام سرووشتی كۆمەڵايەتی و چينايەتيان هەبووە، وەك شۆڕشی زنجەكان لە بەسرە لە ساڵانی 255 ی كۆچی تا 270 ی كۆچی.
سێيەم/ بەربەرەكانی و خەباتی كەلتووريی: ناكۆكی نەتەوەيی و كەلتووری لە سەردەمی ئەمەوييەكانەوە دەستی پێ كرد هەرچۆنێ بێ لە سەردەمی عەباسييەكاندا

بزووتنەوەیەکی کەلتووری شێوەی لیبرالی ڕوییدا و گەلانی نا عەرەب بە تایبەتی فارسەکان کەوتنە ژیاندنەوەی زمان و کەلتوور و ئەدەبیاتی خۆیان... دواییش بە بێهێزبوونی دەسەڵاتی نێوەندیی عەرەبەکان بە هۆی داگیرکردنی بەغدا لەلایەن هۆلاکۆوە لە ساڵی 1258 ی زاینیدا و دەرکەوتنی دەسەڵاتی تورك و فارس، مەودای دەرکەوتن و تێکەڵکاریی کەلتوورەکانی نێو گەلانی ئیسلام رەخسا . لەگەڵ ئەمەشدا ، ئیسلام هەمیشە وەکو بزووتنەوەیەکی کەلتووری عەرەب وا بووە و دەوری زاڵ و فەرمانرەوایانەی زمان و ئەدەبیاتی عەرەبی سەپاندووە . ئەمەش لەبەر دوو هۆی سەرەکی بوو:

یەکەم: لەبەر ئەوەی قورئان بە زمانی عەرەبی بوو.. قورئانیش بەسەرچاوەی یاسا و دەسەڵات و بیر و زانست حسێب دەکرا... هەموو خوێندەوارانی گەلانی نا عەرەب دەبوو فێری زمانی عەرەبی ببن و لە قورئانەوە فێری خوێندەواری ببن و لە دواییشدا زۆریان دەبوونە شاسواری مەیدانی زانستەکانی قورئان و حەدیس و زمان و رێزمان و رەوانبیژی ئەدەبیاتی عەرەبی.

دووەم: لەبەر ئەوەی دینی ئیسلام دینی پێغەمبەر (محەممەد) بوو ... محەممەدیش عەرەب بوو – و قورئان گرنگی بە نزیکی محەممەد لە خودا و عەرەبێتی ئەوو قورئان دەدا و... لەبەر ئەوەی دین چەکێکی سیاسی کاریگەر بوو بۆ سەلماندنی رەوایی هەر دەسەڵاتێکی سیاسی، هەر گرۆیەك یان تیرەیەك کە بیویستایە لە رووی سیاسییەوە خۆی بەرێتە پێش و جۆرە دەسەڵات و ئیمتیازێك بۆ خۆی پەیدا بکا، دەبوو دەبوو وای نیشان بدا کە لە بەرەبابی محەممەد ، قورەیش یان یەکێ لە هاورێکانی (ئەسحابەکانی) محەممەد و ناو و شۆرەتی ئەوان بەکاربێنێ.. ئیبن خەلدوون بۆمان دەگێرێتەوە کە بە تایبەتی لە ژووروی ئەفریقادا، زۆر تیرە و تایەفە ناوی خۆیان دەگۆرێ و ناو و لەقەبی عەرەبییان لە خۆیان دەنا و ئیددیعای ئەوەیان دەکرد بە رەچەلەك دەچنەوە سەر عەرەبەکان و زنجیرەیەك ناوی باو و باپیرانیان – بە عەرەبی – بۆ خۆیان درووست دەکرد ، تا بتوانن شوێنێکی سیاسی لە سنووری دەسەڵاتی ئیسلامدا بۆ خۆیان بکەنەوە (29) . بەم جۆرە لە هەر شوێنێ دەسەڵاتی ئیسلامی بگەیشتایە ، زمان و ئەدەبی عەرەبیی بە شێوەیەکی زۆر کاریگەرانە و خێرا بڵاو دەبۆوە.

هێرشی مەغۆلەکان بوو بە هۆی رێگە خۆشکردن بۆ سەرهەڵدانی دەسەڵاتی تورك و فارس و هەر لەو کاتیشدا لاواز بوونی دەسەڵاتی نێوەندی بووە هۆی دەرکەوتنی زۆر میرنشینی سەربەخۆ لەناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئیسلامیدا ، لەوانە لە کوردستانیشدا . حاڵ بەم جۆرە مایەوە تا دەرکەوتنی عوسمانلێکان.

لە سەدەی سێزدەمدا عوسمانێکان لەسەر شانۆی رۆژهەلاتی ناوەراست دەرکەوتن. لە ماوەی کەمتر لە دوو سەدەدا ئیمپراتۆریەتێکی جیهانی مەزنیان درووست کرد. لە لایەکی کەشەوە: لە سەدەی شازدەدا دەوڵەتی شیعەی سەفەوی لە ئێراندا درووست بوو... و بەربەرەکانییەکی مێژوویی ئیمپریالیستی دوور و درێژ لە نێوان ئەم دوو دەوڵەتەدا روویدا کە تا کۆتایی

جەنگی جیهانی یەکەمی خایاند. هەردوو دەوڵەتە ئیمپریالییەکە کە سیاسەتی ئیمپریالیزمی دەرەبەگایەتییان گرتبووە بەر و لە ڕێگای دانانی چەندان میر و والی فاسید و فاسق بەسەر ناوچەکانی ژێر دەستییانەوە و بۆ رووتاندنەوە و چەوساندنەوەی جووتیاران و بەرتیل خواردن و بڵاوکردنەوەی زولم و زۆری بێ ئەندازە ، بوونە هۆی دواکەوتنی باری ئابووری و پەك کەوتنی کشت و کاڵ و کۆچ کردنی بەردەوامی جووتیارەکان لەسەر زەوییەکانیان و خۆش کردنی ناکۆکی و هەرای تیرەگەریی.. بۆ دەربازبوون لە گیروگرفتە ناوخۆییەکانیشیان، هەردوو ئیمپراتۆریەتەکە بەردەوام سوپاکانیان بۆ پەرەسەندنی سنوورەکانیان و هێرش بردنە سەر ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی ئەوی تر بەکاردێنا . هەموو جاریکیش کوردستان و گەلی کورد دەبوونە قوربانی ئەو سیاسەتە ئیمپریالیستە دواکەوتووانە . شار و دێی ئاوەدانی کوردستان ناماوە کە لە ماوەی سێ سەد ساڵی بەربەرەکانی ئەو دوو ئیمپراتۆرییەتە داڕزبوو دواکەوتووانەدا دەیان جار نەسووتێنرێ و وێران نەکرێ و زۆربەی جار خەڵکەکانیشیان قڕانیان تێ نەخرێ.

## چەند روانگەیەکی مێژوویی گشتی

جا ئێستا بەر لەوەی کۆتایی بەم بەرچاوخستنە خێرایەی دیاردەی ئیمپریالیزم لە چوارچێوەی جیهانی ئیسلامدا بهێنین و بچینە سەر باسکردنی دیاردەی ئیمپریالیزمی ئەورووپی رۆژاوایی نوێ ، چەند سەرەنجامێك لەسەر شێوەی دەستنیشانکردنی خاسێتەکانی ئیمپریالیزمی کلاسیکی دەستنیشان دەکەین ، ( ناوی ئیمپریالیزمی کلاسیکی بۆ جیاکردنەوەی لە ئیمپریالیزمی ئەورووپی – رۆژاوایی بەکار دێنین) .

1) هەموو جۆرە داگیرکردن و ژێردەستکردن و چەوساندنەوەیەکی گەل و وڵاتان لە لایەن هەر هێز و دەسەڵاتێکی بێگانە و لە ڕێگای هێز و شەڕ و دەستدرێژییەوە کارێکی ئیمپریالیستانەیە و لەم ڕووەوە هەموو ئیمپراتۆریەتەکانی جیهان ئیمپریالیستی بوون.

2) هێڵێکی مێژوویی گشتی لە شێوەی سەرهەڵدانی ئیمپریالیزمی کلاسیکی ئیمپراتۆریەکاندا هەمیشە دووبارە بۆتەوە . بزووتنەوەکانی ئیمپریالی بە شێوەیەکی گشتی بە شاڵاوی داگیرکردن دەستیان پێ کردووە. یەکەمجار بنەماڵەیەك، یا تیرەیەکی تایبەتی لە ژێر سەرکردایەتی سەرۆکی بنەماڵەیەکدا یەك دەگرێ و دوایی زیاتر بە هۆی هۆ و پاڵپێوەنەری ئابوورییەوە ، دەست بەسەر تیرە و ناوچەکانی دەور و پشتیدا دەگرێ و لەسەر شێوەی میرنشینییەکی یەکگرتوودا کۆیان دەکاتەوە. ئەوسا دوای بەهێزبوونی ئەو میرنشینە هەر ئەو سەرکردە خۆی، یان کوڕەکەی یان کەسێکی جێگری لەو بنەماڵەیە لەسەر هێرش و شاڵاوی داگیرکردندا بەردەوام دەبێ تا دەسەڵاتی بەسەر ناوچەیەکی یەکجار فراواندا دەسەپێنێ و ئیمپراتۆرییەت دادەمەزرێنێ . بۆ نموونە ئیمپراتۆرییەتی یۆنانی کۆن لە لایەن بنەماڵەی هیلینییەکانەوە بەم چەشنە دەستی پێ کرد.. بۆ ئەوەی لە سەختی باری ئابووری و نەبوونی رزگار بن ، دەستیان کرد بە داگیرکردن و کۆلۆنیال کردنی ناوچەکانی تری یۆنان.

ئەسکەندەری مەکدونیش یەکەمجار دەستی بەسەر ناوچەی مەکدۆندا گرت ، پاشان هەموو یۆنانی داگیر کرد.. ئەوسا هێرشەکەی بۆ سەر ئیمپراتۆرییەتی فارسی دەستی پێ کرد و لە ئەنجامدا هەموو ئاسیای داگیر کرد..... مەغولییەکانیش خێڵێکی هەژار بوون لە نێوەندی ئاسیا. تەموژین ( کە ناوی شەخسی جەنگیز خانە) توانی ببێتە سەرۆکی ئەو خێڵە و بەسەر خێڵەکانی دەورو پشتیدا زاڵ بێ. ئەوسا هێزێکی 000 / 20 کەسی کۆکردەوە و لە ساڵی 1206 دا وەك جەنگیز خان واتە ( سەرکردەی جیهانگیر) لە لایەن هەموو خەلکی مەنگۆل و پێدەشتەکانی تەتەرەوە ناسرا، ئەوسا هێرشی کردە سەر چین و ئیمپراتۆریەتی ئیسلامی خواریزمی گرت و دوای ئەویش هۆلاکۆ سەرکردەی شالاوی ئیمپریالیستە مەغۆلییەکانی کرد.
عوسمانلیەکانیش تیرەیەکی کۆچەری بوون و لە نزیك دیوارەکانی چینەوە خاکەکەیان وشك و بێ پیت و بەرەکەت بوو ، لەبەر ئەوە بۆ گەڕان بە شوێن زەویوزاری باشتردا بەرەو خۆراوا شالاویان برد. لە سەدەی سێزدەمدا لە قۆقاس و دەریای سپی وەدەرکەوتن. دوایی شالاویان بردە سەر دەوڵەتە لاوازەکانی ئیسلامی و بۆ سەرگرتنی سیاسەتەکەیان خۆشیان بوونە ئیسلام و وردە وردە تەواوی ئاسیای بچووکیان داگیرکرد و لە کۆتایی سەدەی چواردەمدا بەشی هەرە زۆری بەلقانیان خستە ژێر دەستەوە. لە ساڵی 1453 دا ئەستەمبوولیان داگیرکرد و کردیانە پایتەختی خۆیان و ئەوسا دەسەڵاتی خۆیان فراوانتر و فراوانتر کرد هەتا دەوڵەتی عوسمانلی لە ماوەی کەمتر لە دوو سەدەدا بوو بە ئیمپراتۆرییەتێکی جیهانی کە تا ساڵی 1924 دەسەڵاتی لە دەستدا مایەوە...
3) گەر بپرسین چۆن تیرەیەك یا چەند تیرەیەکی نەژادی توانای ئەوەیان هەبوو ئیمپراتۆرییەت دابمەزرێنن؟! بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین هۆی خۆیی و هۆی بابەتی دەستنیشان کەین:
یەکەم/ هۆکاری هێزی زاتی (خۆیی) دەورێکی گرنگی هەیە.. هەروەك ئیبن خەلدوون لە لێکدانەوە مێژوویی زانستیەکەیدا لێکی دەداتەوە هێزە تیرەگەری و کۆچەری و شاخاوییەکان هەمیشە هێزێکی دینامیکی گەورە بوون و لەبەر سیفاتی ئازایەتی و خۆڕاگرتن و نەبەزییان هەرکاتێ بەرامبەری هێزێکی شارستانی یان کردبێ ئەوان سەرکەوتنیان بەدەست هێناوە... بە تایبەتی کە یەکێتییەکی خوێنی و کەلتووریی و سەربازی گەورەیان لە نێواندا هەبووە و دیسان ئارەزوو تەمای تالان و بەرەو دەسەلات پاڵنەرێکی گەورە بووە بۆ هاندان و جەنگاوەری کردنیان.
دووەم/ هۆی بابەتیی: سەرکەوتنی ئەو هێزانە زیاتر بۆ شوێنی جوگرافی باشیان و لاوازیی ئەو دەوڵەت و ئیمپراتۆرییەتانە گەراوەتەوە و کە شالاویان بردوونە سەر.
ئیمپراتۆرییەتە گەورەکان – هێزەکانیان پەرت و بڵاو بووە و – تووشی سستی و خاوی و پیرەلۆکی هاتوون و لە لایەکی دیکەشەوە شەری بەربەرەکانی دەرەوەیی و ناوخۆیی بەردەوام کز و لاوازی کردوون ( بۆ نموونە: بنەمای هێزی ئیمپراتۆرییەتی بێزەنطە بەهۆی حەملەی سەلیبی چوارەمەوە لە ساڵی 1204 دا تەواو لەق ببوون و ئەمەش داگیرکردنی

بەلقانی لەلایەن – عوسمانیەکانەوە ئاسان کرد) بۆیە لە هەندێ هەلا کاتێ هێزێکی گەنج و تازەی بە تەوژم وەك عەرەبەکانی قورەیش، یان مەغۆلەکان، یان عوسمانیەکان ، دەرکەوتووە توانیوێتی بە خێرایی و بەردەوامی دەسەڵاتی خۆی بچەسپێنێ هەتا ئەو هێزەش بۆتە ئیمپراتۆرییەتێك و گوڕ و تینی لاوێتی لەدەسداوە.. و هێزێکی تر جێی گرتۆتەوە!.

4) بنچینەی حوکمی ئەو ئیمپراتۆریانە: بنەماڵەیی و میرنشینی بووە و بە ناوی بنەماڵەشەوە نێو نراون... واتە لەبەر ئەوەی شێوەی پەرەسەندن ئیمپریالیستی بووە و مەبەست تەنیا داگیرکردنی زۆرترین وڵات و ژێر دەستکردنی زۆرترین نەتەوە بووە: ئەو دەسەلاتە ئیمپریالیانە لە شێوەی دەسەڵاتی نەتەوەییدا خۆیان نەنواندووە ، ئەوان نەیانویستووە نیشتمانی تێدا دابمەزرێنن و بیکەنە (میترۆپۆلیسی) یان پێتەختێکی ئابووری و سیاسی گەورە و وڵاتانی تر بە ئەوێوە ببەستنەوە. بەڵکو هەر شوێنێ داگیریان کردبێ بۆ وێ چوون و هەوڵیان داوە هەر ناوچەیەکی داگیرکراو بخەنە ژێر دەسەڵاتی یەکێ لە ئەندامانی بنەماڵەی خۆیانەوە، یا نزیك بە خۆیان، یان کەسێکی خەڵکی ناوچەکە کە جێی باوەڕیان بێ و خواست و ویستی ئەوان جێ بەجێ بکا. **واتە ئامانجی یەکەم: بە دەست هێنانی هێز بووە، هێزی عەسکەری و ئەوسا سیاسیی و ئیدایری و ئابووریی...** لەبەر فراوانی ناوچەی دەسەلات حوکمی نەتەوەیی هەلومەرجی درووست بوونی نەرەخساوە... جگە لەوەش شێوە بەرهەمهێنانێکی تایبەتی نەبووە کە هەموو ناوچەکانی پێوە ببەسترێنەوە وەك بۆ نموونە لە یۆناندا شێوە بەرهەمهێنانی کۆیلایەتی باو بوو، یان وەك لە ئەوروپا – لە سەدەی شازدەهەم بەولاوە شێوە بەرهەمهێنانی سەرمایەداری زاڵ بووە، بەڵام ئیمپراتۆریەتەکانی رۆژهەڵات بە ناوەرۆك بنەماڵەیی بوون و ئیمپریالیزمەکەشیان ئیمپریالیزمی قۆناغی فویدالیزم ( واتە دەرەبەگایەتی) بوو... کە زیاتر مشەخۆر و تالانچی بوو... جگە لە تالانکردنی راستەوخۆیی ناوچە و شارەکان، هەر ناوچەیەك دەبوایە هەر ساڵەی ( داهاتێکی تایبەتی یەکەمجار لەسەر شێوەی دەغل و دان و مەڕ و مالات و شتی عەینی دواییش لە سەدەی نۆزدەدا لەسەر شێوەی پارە) بە دەوڵەتی مەرکەزی بدا. ئەمە و سەرکووت کردنی یاخی بوونی گرۆ و تیرە و گەلەکان ئەرکی سەرەکی ئەو پاشا و والییانە بوو کە بەڕێوەبردنی ناوچەکانیان پێ دەسپێردرا.. دوای ئەمە چ تاوان و دزی و جەردەییەکیان دەکرد و چۆنیان هەژار و رەش و رووت دەچەوساندەوە کەس لێی نەدەپرسینەوە، ئەو ساتە نەبوایە کە میرێك یان والییەك زۆر دەوڵەمەند ببوایە یان هێزی ناوچەییان بەهێز ببوایە.. ئەوسا چ بە شێوەی راستەوخۆ بێ لە ڕێگای هێرشی سووپایی یەوە، چ بە شێوەیەکی ناراستەوخۆ لە ڕێگای تەفرەدان و پیلان بۆ نانەوە لەناو دەبردران. ئەم حاڵەتە بەتایبەتی یاسای گشتی ئیمپراتۆرییەتی عوسمانلی و سەفەوی بوو.

5) گوتمان ئیمپریالیزمی فۆیدالی رۆژهەلاتی لەسەر بنچینەی ئابووریی وەك شێوەیەکی تایبەتی بەرهەمهێنان دانەمەزرابوو... بەڵکو لەسەر بنچینەی هێزی سەربازیی. ئەم

هێزەش لە درووستکردن و پێکهێنانی سووپایەکی مەرکەزی گەورە و لەشکری ناوچەییدا خۆی دەنوواند... بۆ نموونە هەر لە ئیمپراتۆرییەتی کۆنی فارسەوە لە زەمانی کوروش – دا ( سووپا ) بنچینەی ئیمپراتۆرییەت و ئیمپریالیزمی فارس بووە، بەڵام هەر بوونی ئەو (سووپا ) یە خۆی پێویستی بە شاڵاوی سەربازیی بۆ بەدەست هێنانی ئازووقە و جل و بەرگ و چەك و تفاقی بەردەوام هەبوو، بۆ ئەوەی بتوانێ خۆی بژێنێ و بپارێزێ و ساڵ لە دوای ساڵ خۆی درووست کاتەوە. لێرەوە زۆر جار تەنیا بۆ خۆژیاندن و خۆدرووستکردنەوە دەبووایە وەزیفەی خۆی ببینێ، وەزیفەکەش تالانکردن بوو بۆیە دەبوو هێرش بکاتە سەر ئەو ناوچانەی بڕێك دەوڵەمەندن و بەرهەمی کشت و کاڵیان تێدا هەیە.. ئەنجامەکەشی وێرانکردنی ئەو ناوچانە و چەوساندنەوەی بەردەوامی دانیشتوانیان بوو...

6) هەروەها شێوەی جەنگی ئیمپریالی کلاسیکی بە پلەی یەکەم دەوری سووپا، لە شێوەی هێزی سوارە و پیادەدا دیاری دەکرد.. لەشکرێکی زۆر بۆ هێرش بۆ سەر ناوچەیەك یا سنوورێك دەڕۆیشت. لە ڕێگادا ئەم سووپایە پێویستی بە ئازووقە و خواردن دەبوو بیژێنێ. بۆ ئەم مەبەستەش پەلاماری هەر دێ و گوند و ئاوەدانیەکیان دەدا کە لەسەر ڕێگایان بایە و تاڵانیان دەکردن و زۆر جار کێڵگە و دێیەکانیشیان دەسووتاند... بە تایبەتی ئەگەر ئیحتمالی ئەوە هەبایە هێزی دوژمنیش دەتوانێ بۆ ئازووقە کەڵك لەو دێیانە وەرگرێ. خۆ ئەگەر ئەو دێیانە لە ناوچەی دوژمندا بوونایە ئەوا بە تەواوی وێرانیان دەکردن و ڕەشبکوژی خەڵکەکەیان دەکردن و کوڕ و کچەکانیان بەدیل دەگرتن، سوپاکانی فارسی و یۆنانی ڕۆمانی ئەو دیلانەیان دەکردن بە عەبد.. خۆ لە کاتی ئیسلامیشدا زۆریان دەکردن بە جاریە و غولمان....

7) لەبەر ئەوەی چەکی نوێ نەبوو – و تا کۆتایی سەدەی نۆزدەمیش تەنیا تۆپ وەك چەکی قورس هەبوو، هێزی مرۆڤ خۆی هۆکاری سەرەکی بوو لە بردنەوەی شەڕدا بۆیە چەندێتی ژمارەی زۆر و چۆنێتی هەردووکیان زۆر گرنگ بوون. سیفاتی شەخسی وەکو ئازایەتی و چاونەترسی و لێهاتوویی بۆ سەرکردایەتی و زانینی ستراتیژ و تاکتیکی شەڕی بەرامبەریی، دەورێکی گەورەی دەبینی و هەر کەسێك ئەو سیفاتەی هەبوایە دەیتوانی خۆی دەربخا بێ گوێدانە ڕەچەڵەك و ڕەگەزی . بەڵام دیارە ئەندامانی بنەماڵەی یان نەتەوەی حوکم بەدەست زیاتر هەل و دەرفەتی بابەتییان هەبوو تا لەو مەیدانەدا بچنە پێشەوە.

8) لە رووی ئایدیۆلۆژییەوە هەموو ئیمپراتۆرییەتەکانی کلاسیکی پشتیان بە دین بەستبوو.. دین – لەپاڵ سووپادا – دەزگا و دامەزراوەیەکی دیکەی گرنگ بوو کە خەڵکی بە دەوڵەتی مەرکەزییەوە دەبەستەوە و ڕەوایی سام و هەیبەتی بە خەلیفە و پاشا و والییەکان دەدا... دەوری دین وەك ئایدۆلۆژییەتی پاشا و دەسەڵاتدارەکان هەر لە سەردەمی پاشاکانی کۆنی بابل و ئەکەد و ئاشوور و فارس و یۆنان و ڕۆمان و ئیسلام و بیزنطی و مەسیحی یەوە هەبووە و نەگۆڕاوە...

ئەوانە هەموویان توانیویانە ناوەڕۆکی دین کە هێزی خوداوەند و خواستی خواوەند دەکاتە زەمینەی نەخشەی مێژوو – و یەکێتی مرۆڤ و سەرشۆرکردنی بۆ فەرمانی خوا و چارەنووس بکەنە بەهانەیەك بۆ پاکانەکردن بۆ دەسەڵاتی موتلەقی خۆیان و چەوساندنەوەی کۆمەلانی رەش و رووتی خەڵك. هەر لە ساڵی 472 پێش زاینەوە لە شانۆگەری (فارسەکاندا) ی ئیسخیلوسدا کە پێشتر باسمان کرد، ئیسخیلوس گاڵتە بە فارسەکان دەکا کە ئەوان سوژدە بۆ پاشاکەیان دەبەن و وەك خوا سەیری دەکەن.. چونکە بەلای یۆنانییەکانەوە تەنیا خواکان دەبوو سوژدەیان بۆ ببردرێ. دوایش ئەسکەندەری مەکدونی ئەم جۆرە رەوشت و هەڵس و کەوتەی لە فارسەکان وەرگرتوو خۆی بە نەوەی خواکان دانا و فەرمانی بە دەست و پێوەندەکانی دا هەر کاتێ بەدەرکەوت سوجدەی بۆ بەرن – هەروا هەر وەك پێشتر باسمان کرد، ئیمپراتۆرەکانی رۆمان خۆیان بە نەوە و نوێنەری خوا و هەڵگری پەیامی خودایی دادەنا... لە ئیسلامیشدا لە سەردەمی ئەمەوییەکانەوە زۆربەی خەلیفە و پاشاکانی ئیسلامی لەگەڵ ئەو هەموو فسق و فەساد و تاوانانەشدا کە تا بینەقاقا تێیدا نقووم بوو بوون ، خۆیان بە نوێنەری رۆح و سێبەری خوا لەسەر زەوی دادەنا... و هەرچی لە فەرمانی ئەوان دەرچووبایە - لە دین وەرگەراو و زەندیق و کافر و خوانەناس بوو... ئەم جۆرە دەورەی دین خاسیەتی مێژوویی هەموو کۆمەڵێکی پەتریارکی – دەرەبەگایەتییە...

9) وەك پێشتر وتمان جەوهەری ئیمپراتۆریەتی کۆن، میرنشینی و یەکێتی کۆمەڵە میرنشینییەك بوون کە هەر یەکەیان سەربەخۆیی ناوخۆیی هەبوو – و لە هەمان کاتیشدا ژێر فەرمانی دەسەڵاتی هێزی نێوەندی یان میرنشینی نێوەندی بوو. لەبەر ئەوە بنەماڵەی میرنشینی هەمیشە بە سەرچاوەی هێز و دەسەڵات دادەنرا.. و لە کاتی شەر و بەربەرەکانیشدا زاڵ بوون بەسەر میرنشینەکەدا و رووخاندنی بە زاڵ بوون بەسەر بنەماڵەی میرنشینی دا تەواو دەبوو. زۆربەی جار هەموو ئەندامانی ئەو بنەماڵەیە بە ژن و پیر و گەورە و منداڵەوە لەناو دەبردران بۆ ئەوەی هیچ میرارگر و تەنانەت رەمزێکی ئەو دەسەڵاتە نەمێنێ... لەبەر ئەوەی هەموو دەسەڵاتی دنیایی و دینی و ئایدۆلۆژی لە بنەماڵەی میرەکاندا کۆدەبوونەوە، نەمانی بنەماڵەکە مانای نەمانی هێزی ئەو میرنشینە و جێگا چۆڵ کردن بۆ هێزی میرنشینی تازە بوو. جگە لەمەش راگوێزانی خەڵك لە ناوچەی دانیشتووانی خۆیان و نەفی کردنیان بۆ شوێنی تر و – ناکۆکی ناوخۆ نانەوە ، بەگژیەکدا کردنی تیرەکان و گەلەکان بۆ کزکردن و نابووت کردنیان: رێبازی تری سیاسەتی ئیمپریالیستی کلاسیکی بوون.

ئەم باسە وەك سیمینارێك لە کۆڕێکی مەڵبەندی روشنبیری کورد لە لەندەن لە ئێوارەی 25/ 12 / 1985 دا پێشکەش کراوە.

بەشی دووەمی ئەم باسە و سەرچاوە و پەراوێزەکان لە ژمارەی داهاتووی پەیڤ دا بڵاو دەکرێتەوە.

بەشی سێیەم
بە قەڵەمی درشت
قەڵەمدار
لە پێناوی دامەزراندنی یەکێتییەکی نووسەرانی کوردی هەندەران
ئەمڕۆ ژمارەیەکی زۆری نووسەرانی کورد، لە هەموو بەشەکانی کوردستانی داگیرکراوەوە، لە دەرەوەی وڵاتن و زۆری تریش بەڕێوەن.
کۆچی نووسەر و رووناکبیران لووتکەی داستانی تراژیدی کارەساتی نەتەوەییمانە. گەل و کۆمەڵێ بێ رۆشنبیر و زانا، وەك جەستەی بێ سەر وایە. جا ئەگەر نووسەری کورد نەتوانێ لە ( شار) لە ژێر زەبر و زەنگ و تاوان و تەڵە و تەفرەی داوی داگیرکەردا خۆی رابگرێ و گەر لە ( شاخ) یش خۆی نەگرێتەوە و هەست بکا ناتوانێ ڕۆڵی پڕ بە پێستی خۆی ببینێ.
گەر ئەوروپا و دنیای دەرەوەی ئاوارەیی ، دوا پەناگای ( ناچاری) بێ ئەوا نووسەری کورد نابێ هەروا بەسانایی پشت لە رابوردووی خۆی و ئێستا و پاشەڕۆژی گەلەکەی بکا:
نابێ خۆی بخاتە ناو تەڵە و داوێکی ناسکتر و نادیارترەوە: داوی ژیانی پڕ کێشە و ئەندێشە و باق و بریقی دنیای هەندەران ، بە تایبەتی دنیای سەرمایەداری .
ئەرکی ویژدانی و مێژوویی نووسەری کوردە ، لە ئازادی و ئارامی هەندەران کەڵکی زیاتر وەربگرێ: چ بۆ خۆپێگەیاندن و تەواوکردنی پەیامی رووناکبیرانەی خۆی و چ بۆ پتەوکردن و بە هێزکردنی دەوری ژیاریی و سیاسی قەڵەمی هەڵوێستدار لە مەیدان و رێبازی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوە چەوساوەکەماندا....
پێکهێنانی رێکخراوێکی فراوانی نووسەرانی کورد لە هەندەران ئەرك و مەرجێکی پێویستە بۆ بەدی هێنانی ئەم ئامانجە پیرۆزە.
گەر نووسەرانی کورد نەتوانن بۆ خۆیان چوارچێوەیەکی رووناك بیرانەی دیموکراتیکی فراوان و کاریگەر بۆ هاوکاری و یەکخستنی دەنگ و هەوڵ و هیوا و هەڵوێستیان بدۆزنەوە... چۆن دەتوانن بەتەمای بینینی دەورێکی گەورەترین لە مەیدانی یەکخستن و پێشخستنی لایەنەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازی نەتەوەکەماندا؟ .
دەبا تا پێمان دەکرێ زیانی دیاردەی کۆچ و ئاوارەبوونی نووسەران کەم بکەینەوە و بیگۆڕین بە دیاردەیەکی سوودبەخش .
دەبا کەڵك لە میراتی مەزن و پەیامی پیرۆزی پەیڤی کوردیمان وەربگرین بۆ پێکەوەنانی رێکخراوێکی دیموکراتیك کە :
1- پەیامی پێشکەوتنخوازانە و دژ بە ئیمپریالیستانەی ئەدەبی کوردیمان بپارێزێ و پەرەی پێ بدات .
2- ببێتە مەیدانێك بۆ دالدەدان و یارمەتیدانی نووسەران و پاراستنی ئازادی و کەرامەت و مافی ئەدەبییان و هەوڵدان بۆ دابین کردنی هەلومەرجێکی ماددی و مەعنەوی لەبار بۆ پەرەپێدانی بەهرە و کار و تێکۆشانی ئەدەبی و رۆشنبیرییان .

3- دەنگی نووسەرانی کورد بە دنیا بگەیەنێ و ببێتە بڵند گۆیەکی ناسراو بۆ دیفاع کردن لە نووسەرانی کورد و زمان و کەلتووری کوردیمان لە خاکی داگیرکراودا و بۆ ناساندنی نموونەی بەرزی ئەدەب و کەلتووری رەسەن و پێشکەوتنخوازانەی کورد و مەسەلەی خەباتی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان بەڕای گشتی دنیا .
4- بۆ یەك پێگرتنی هەوڵ و هەڵوێستی نووسەرانی کورد دەربارەی کێشە گرنگەکانی ئەم سەردەمەمان و بوون بە پاڵپشتێکی ئیجابی بە هێز بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی نەتەوەکەمان و هێز و پارتە خەبات گێڕەکان لە کوردستاندا و بزوتنەوەی شۆڕشگیری جیهانی .
5- بۆ هێنانەکایەی هێزێکی مەعنەوی جەماوەریی کە دەوری خۆی بینی لە لابردنی ناکۆکی و دووبەرەکی ناو ریزەکانی گەلدا و بۆ پشتگیری کردن و هاندانی یەکگرتنی هەموو لایەنەکانی بزوتنەوەی رزگاری خوازی کوردستان لە دەوری ستراتیژیەتێکی نەتەوەیی زانستی پێشکەوتنخوازانەدا .
6- بۆ بەتین کردنی پەیوەندی نووسەرانی کورد لەگەڵ هەموو نووسەرانی پێشکەوتنخوازی دنیادا .
گرنگ نییە بنکە و بارەگای ئەم رێکخراوە لەهەر کوێیەك بێ . گرنگ ئەوەیە نێوەندێك ، پێوەندگایەك هەبێ نووسەرانی کوردستان پێکەوە ببەستێتەوە .
گرنگ ئەوەیە گۆڤارێکی ئەدەبی بە هێز و باڵا دەرچێ کە دەنگ و رەنگ و خواست و هەڵوێستی نووسەرانی کورد رابگەیەنێ .
گرنگ ئەوەیە لە پەرش و بڵاوی و لێك دابران و بێ دەنگی و بێ هەلوێستی رزگاربین و دەنگ و رەنگمان هەبێ...
دەسا با هەر نووسەرێکی دلسۆز لە شوێنی خۆیەوە بکەوێتە کار و یەکێتی نووسەرانی کوردستان لە هەندەران لە دایك ببێ و ببێتە نموونەی یەکێتییەکی کوردستانی سەرکەوتوو.
لەناو جەرگەی لەندەن دا
لەناو جەرگەی لەندەندا ، مەشخەڵی بیری کوردی بەرز دەبێتەوە .
لەناو جەرگەی لەندەندا ، مەڵبەندی رۆشنبیری کوردی ، پەیامی پیرۆزی پەیڤی کوردی بە دنیا رادەگەیەنێ .
لەناو دڵی پیرە ئیمپریالیزمی جیهانخۆردا ، قوربانییەکان شایەتی تاوانبارکردنی ئیمپریالیزم دەدەن .
بە درێژایی سەدەی نۆزدە و نیوەی سەدەی بیستەم ، پیرە گەماڵی ئیمپریالیزمی ئینگلیز ، نۆکەر و سیخور و پەیامدار و ئەفسەر و ئابووری زان و ستراتیژیستەکانی خۆیان بە کوردستاندا بلاوکردەوە .
عەقڵ و دڵی کوردیان دەپشکنی و نەخشەی چیا و دۆڵ و دەشت و سەرزەوی و بن زەوی کوردستانیان دەکێشا و شییان دەکردەوە .

خێر و بەرات و داهاتیان دەخواردین و پیلان و تەڵە و داویان بۆ دادەنایین و ئەوساش بە کەر و گێژ و گەمژە و نەفام و بەربەرییان ناو دەبردین!
هەر لە یەکەم دەیەکانی سەدەی نۆزدەوە، ئیمپریالیستی ئینگلیز بوو بە گەورەترین کۆسپ و ڕێگر و داپڵۆسەری بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان .
بوو بە دوورِ وترین و گومڕاکەرترین و بێ ویژدان ترین مێملّی نەتەوە دواکەوتوو – و چەوساوەکان...
بوو بە دۆستی هەموو دوژمنانی کورد و دوژمنی هەموو دۆستێکی کورد. سیاسەتی گڵاو و ئەهریمەنییانەی خۆیان لە خۆرهەڵاتی نێوەندا ، لەسەر بنچینەی پشت گوێ خستنی بوونی کورد و مافی گەلەکەمان بۆ ئازادی و سەربەخۆیی بنیات نا.
بەر لەوەی دەوڵەتێکی جولەکە بەسەر خاکی فەلەستیندا بسەپێنن .
دەوڵەتێکی عەرەبی شۆڤێنی کۆنەپەرست و نۆکەری خۆیان بەسەر خاکی کوردستانی خواروودا سەپاند .
پەیمانی سیڤەر و ئاواتی ئازادی گەلەکەمانیان لە کوردستانی سەرووشدا ژێر پێ دا و بوونە عەقڵ و ڕێنیشاندەر و پاڵپشتی ڕەزاشا و هەتیوەکەی و دەزگای ساواك و سوپا داپلوسێنەرەکەی لە کوردستانی خوراوادا .
ئێستاش لەناو چوارچێوەی سیاسەتی ئیمپریالیستانەی ناتۆدا ، هەمان دەوری گڵاو دەرهەق بە ئاواتی گەلەکەمان دەبینن!
هێشتا ناوی کورد و ئازادی کوردستان خەونێکە خەویان دەزڕێنێ و ترس و لەرزیان دەخاتە دڵەوە.
ئاخر ڕزگاری کورد، دوایی بە هەموو بنکە و لانە و گەرایەکی نۆکەریی لەناوچەکەدا دەهێنێ.
ئاخر ڕزگاری کوردستان ، دەبێتە سەرەتایەکی یەکجار تازە و شۆڕش گێرانەی مێژوویی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ، ئازادی و سەربەخۆیی نیشتمانی و ئاسایشی ڕاستەقینە بۆ هەموو گەلانی ناوچەکە زامن دەکا و سامانی نەوت لە قوڕگی سەرمایەدارە چاوچنۆکەکان دەردەهێنێ .
جا ئەمڕۆ لەناو جەرگەی لەندەندا ، مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد دەورێکی کاریگەری هەیە کە بتوانێ دەست بخاتە سەر تاوانەکانی مێژووی ئیمپریالیزم .
کە گەلەکەمان زیاتر و زیاتر بە دنیا بناسێنێ .
پێویستە ڕاستی و ڕەوایی خەباتی نەتەوەکەمان بوو ڕای گشتی بەریتانیا ڕوون بکەینەوە و هەموو هێزێکی پێشکەوتنخواز و مرۆڤ پەروەر و دیموکراتیك بۆ لای خۆمان ڕابکێشن .
پێویستە بە شێوەیەکی هێمنانە و زانستیانە و بابەتییانە تاوانەکانی ئیمپریالیزم دەرهەق بە گەلەکەمان ڕوون بکەینەوە .
پێویستە ئازایانە و زانایانە پەیامی پیرۆزی پەیڤی کوردی ڕابگەیەنین .

دەبێ لە گوتن و نووسین و ڕاگەیاندنی وشەی هەق و ڕاستی و زانستی هەرگیزا و هەرگیز سڵ نەکەینەوە .
پشتگیری مەڵبەندی ڕۆشنبیری کورد و پتەوکردن و بەهێزکردنی ئەرکێکی پیرۆزی سەرشانی هەموو کوردێکی دڵسۆزە.

یەك سەنگەر
بەر لەوەی لە دایك ببین ، بە درێژایی زنجیرەی چیا ، زنجیر لە پێمان کرابوو. کانی و ئاومان بە چیمەنتۆ بەسترابوو ، بەهاری دڵمان دزرا بوو ، گوڵاڵە سوورەی شاخانمان تێزابی پێداکرابوو.
کۆرپەی ئەوین و ئاواتمان ، بە پەنجەی ڕق خنکێنرابوو.
بەر لەوەی لە دایك ببین ،
داکمان خاوەنی کۆشێ هەتیوو بوو ، باوکمان بە پێوە کوژرابوو ،
خاکمان بە بۆمبا کێڵرابوو ، دەورمان بە سووپا تەنرابوو ،
هەموو ڕەنج و هیوایەکمان مۆری خوێنی لێ درابوو ،
بەر لەوەی لە دایك ببین ،
دەمێك بوو ناومان لێ نرابوو ،
پێشمەرگە بووین ،
ڕێورێبازمان ئاشکرابوو ،
پشت و پەنامان چیا بوو ،
بەیەکەوە کەوتینە ڕێ ، بەیەکەوە دیلێتیمان نایە ژێر پێ ،
ڕێگەی هەورازمان گرتە بەر ، بووینە هاوچەك و هاوسەنگەر ،
یەکێتیمان ، هاوبیریمان
بە خوێن نیشانە کرابوو ،
لە ئاست هێزی یەکریزیمان ، دوژمن دۆڕابوو ، دامابوو ،
ئاسۆی سوورمان ئازادی بوو ، بە خوێنی دڵمان نووسرابوو ،

ئەدی چۆن بوو: یەکترمان کوشت ؟؟
ئەدی چۆن بوو: بۆ دوژمنانمان بووین بە پشت ؟؟
بەیەکەوە خوێنمان ڕژا ، بەیەکەوە مردین ، جەنگاین ،
ئەدی بۆچی لێك دابڕاین ؟؟
ئێمە ڕۆڵەی یەك داستانین ، ئێمە زادەی یەك سەنگەرین ،
ناکرێ بە نۆکەری بمرین ،
چار نییە دەبێ یەکبگرین.